Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C26

# گۆڕانە فۆنەتیکی و ئەڵتەرناسیۆنەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا

دڵشاد محەمەد غریب

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق



| Article Info | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |
| **Keywords** | |
| دەنگناسیی، گۆڕانە دەنگییەکان، جێگۆڕکێ، دەنگی بزوێن | |
| **Corresponding Author** | |
| dilshad.hamagharib@garmian.edu.krd | |



**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ (پێواژۆ فۆنەتیکی و ئەڵتەرناسیۆنییەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا) تەرخانکراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە بەشێوەیەکی پێرەوبەندانە ئەو پێواژۆ دەنگییانە نیشانبدات، کە لە ئاستی ژێرەوە وشەی فەرهەنگیین، بەلاّم لە ئاستی سەرەوەدا وەکو وشەی فۆنۆلۆژیی بە هۆی گۆڕانە دەنگییەکانەوە بە شێوەی جوداجودا بەرجەستەدەکرێن. گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئەوەدایە، کە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی هۆکاری گۆڕانە دەنگییەکان، وەکو(کەوتن، هەڵتۆقین، جێگۆڕکێی دەنگیی، دەنگ گۆڕکێ...هتد)لە وشەی فۆنۆلۆژییدا، لەم هەوڵەدا، ڕێبازی ( پەسنیی - شیکاریی) بەکارهێنراوە، کە تێیدا پێواژۆکان بەپێی جێکەوتەکانی (سەرەتا، کۆتایی) برگە لە وشەی فۆنۆلۆژییدا دەستنیشاندەکراون، شیکردنەوەی نمونەکان بەتیۆریی و هەنگاوەکانی کارکردنی قوتابخانەی گواستنەوە و بەرهەمهێنان جێبەجێدەکراون. هەروەها لەپاڵ (ئەلفوبێی- فۆنێمیی کوردیی)دا، (ئەلفوبێی - فۆنەتیکی جیهانی -**IPA**) یش بۆ پێواژۆو ئاڵتەرناسیونەکان بەکاردهێنراوە. نمونەکانیش لەئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی (زمانی کوردیی- شێوەزار)ەکەوە وەرگیراون. لە ئەنجامدا ئەوە بەدەستهاتووە، کە پێواژۆ فۆنەتیکییەکان، جیاوازن لە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان.

## پێشەکی:

### ١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، بەناونیشانی (گۆڕانە دەنگیی و ئاڵتەرناسیۆنەکان لە شێوەزاری گەرمیان)دایەو هەوڵێکە بەمەبەستی نیشاندان و دیاریکردنی ئەو گۆڕانە فۆنەتیکییانەی، کە لەکاتی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بەسەر وشە فەرهەنگییەکان لە شێوەزارەکەدا هاتوون.

### ٢/٠ ئامانج و گرنگیی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، بگاتە ئەو ڕاستییەی، کە لەزمانی کوردییدا دەشێت هەندێک وشە لەڕوی بیچمەوە بەهۆی شێوەزارەوە دەربڕینی جیاوازیان هەبێت، یاخود هاوبەشیی و لێکچوو لەنێوانیاندا هەبێت، ئەو بیچمانە لە فەرهەنگدا بە زانیاریی و هەمان واتاوە هەڵگیرابن. بۆیە دیاریکردنی کەسێتیی وشەکان و هۆکاری دەرکەوتنیان بەشێوەیەکی گشتیی زۆر گرینگە.

### ٣/٠ هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر پێواژۆ( فۆنەتیکیی)کان ئەنجامدراون، بەرهەمی بەکەڵک و پڕ بایەخیان هێناوەتە ئەنجام، بەلاّم لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێك لایەنیان تێکەڵ بەیەککراون و کاری پراوپڕیان لەسەرنەکراوە و بەتایبەتی پێواژۆ(فۆنەتیکیی)ەکان، بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پۆلێنەکراون. بۆیە بەپێویستی دەزانین، بەپێی توانا پێواژۆکان لە جێکەوتەکانی (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی)برگەی وشەی فۆنۆلۆژییدا دیاریبکەین.

### ٤/٠ ڕێباز و تیۆریی کارپێکراو لە توێژینەوەکەدا:

توێژینەوەکە بە ڕێبازی (شیکاریی– پەسنیی) کاردەکات و دەیەوێت هەندێک لەئەو وشە (فۆنۆلۆژیی/فەرهەنگیی)انە، کە لەئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەشێوەی جیاواز دەردەبرڕێن، بەتیۆریی و هەنگاوەکانی کارکردنی قوتابخانەی بەرهەمهێنان ( فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی- Lexical Phonology and Morphology)شیبکاتەوە. لەشیکردنەوەی نمونەکاندا لەپاڵ (ئەلفوبێی -فۆنێمیی) کوردیی(ئەلفوبێی فۆنەتیکی- جیهانیی (IPA)یش بەکاردەهێنرێت. نمونەکانیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی (دیالێکتی ناوەڕاست- شێوەزار)ەکەوە وەردەگیرێن و هەڵدەهێنجرێن، لە شیکردنەوەی نمونەکانەوە بە ئەنجام دەگەین.

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی (عارەبیی، ئینگلیزیی) خراوەتەروو.

## ١/١) زانياريى بەرايى

### ١-١/١)دەنگەكانى زمان لە ڕوى ئۆرگانييەوە

(فۆنەتيك-دەنگناسيى) وەكو زانستێك لە ڕوى ئۆرگانييەوە، دەنگەكانى مرۆڤ و چۆنێتى جوڵانەوەى ئەندامەكانى ئاخاوتن شيدەكاتەوە. بيرەكان لە ميشكدا هەڵگيراون، كاتێك بمانەوێت بيرێك لەئەو بيرانە دەربڕين، پەنا بۆ گەنجى ميشك دەبەين، وشە گونجاوەكان بۆ ئەو بيرە ڕێزدەكرێن و پاشان لە ڕێگەى ئۆرگانەكانى ئاخاوتنەوە ڕيزكراوەكان دەكرێن بەدەنگ دەردەبڕرێن. واتە، گواستنەوەى شەپۆلى دەنگەكان و گواستنەوەى بە وەرگر و ئەو زانيارييانە چۆن وەردەگررێن و دگەيێرێن بەئاوازى مێشكى گوێگر، دەكرێت لە سێ ڕووەوە نيشاندبدرێن، بڕوانە خشتەى(١):

١)لە ڕوى ئۆرگانەكانى قسەكردن و جۆر و شێوەى بەرهەمهێنانەوە.

٢)ئەدگارە دەنگييەكان، نيشاندانى شەپۆلى دەنگيى لە نێوان قسەكەر و گوێگردا.

٣) لە ڕوى كارتێكردن و كاردانەوەى فيزياويى، كە لەسەر گوێى مرۆڤن و ئەو مێكانيزمانەى پێوەوەى بەندن.

خشتەى(١)

| فۆنەتيكيى ئۆرگانيى | فۆنەتيكيى دەنگيى | فۆنەتيكيى بيستنيى |
|---|---|---|
| قسەكەر دەنگ- بەر هەمهێنان ← | شەپۆلى فيزيايى-گواستنەوە ← | گوێگر-وەرگرتنى دەنگ |

واتە، دەنگە زمانييەكان بە سێ قۆناغ بەرهەمدەهێنرێن، قۆناغى يەكەمم لە لايەن ئۆرگانەكانى ئاخاوتنەوە پەيوەستە بە بەرهەمهێنانى دەنگەوە و زياتر گرينگيى پێدەدرێت، كە بە ئۆرگانى دەنگى (vocal tract) ناودەبرێن و لە كۆمەڵێك وەچە ئۆرگانى تر پێكهاتوون. ئەم ئۆرگانە دەنگيە پێويستى بە وزەى پێويست هەيە، كە ئەم وزەيە لە كۆئەندامى هەناسەدانەوە وەردەگرێت. لە بەرهەمهێنانى دەنگە زمانييەكان، هەريەک لە (ئۆرگانەكانى هەناسەدان / سييەكان، بۆرى هەوا، ناوپەنچك...هتد)، بەرپرسن لە بەرهەمهێنانى دەنگ بەرێگەى پێواژۆى هەناسەدانەوە، بەڵام دواتر لە قۆناغى دەنگدروستكردندا، ئۆرگانە دەنگييەكان لە بەرهەمهێنانى دەنگە زمانييەكاندا جۆراوجۆرن و ژمارەيان زۆرە بەرادەيەك، كە ژمارەى دەنگە زمانييەكانى، هەر زمانێك ژمارەيەكى دياريكراو لە دەنگە زمانييەكان لە جێگەوتەى دوور، يان نزيك لە يەكەوە(جێگەوتەى ڕێگريكردن لە تەوژمى باكە -ئۆرگانى ئاخاوتن) بەرهەمدەهێنن و لەلايەن گوێگرەوە پەيپێدەبرێت (ladefoged:1962:36).

### ٢-١/١) پێواژۆ فۆنەتيكييەكان

پێواژۆ فۆنەتيكييەكان لە پێواژۆ فۆنۆلۆژييەكان جياوازن، بۆيە بە پێويستى دەزانين هەندێك زانياريى دەربارەى پێواژۆى فۆنەتيكيى لە شێوەزارەكەدا بخەينەڕوو، لەبەر ئەوەى لە سەرچاوە كوردييەكاندا پێواژۆى فۆنەتيكيى و پێواژۆى فۆنۆلۆژيى تێكەڵكراون و هەرچى پێواژۆى فۆنەتيكييە بە پێواژۆى فۆنۆلۆژيى دانراون)(تاليب حوسين عەلى: ١٩٨٩، دولبەر ئيبراهيم فرج: ٢٠٠٠، شنۆ قادر محمد: ٢٠٠٨). پێواژۆى فۆنەتيكيى لە مەودايەكى فراواندا كاردەكەن و زياتر پەيوەستە بە ئاخاوتنەوە نەك نوسيين، چونكە ئاخاوتن تا ڕادەيەك سەرپشكيى ئازادانەيە و قسەكەر بە ئارەزوى خۆى قسە دەكات، بەڵام نوسيين ئازادانە نييە و مەرج كوتوبەندى خۆى هەيە، بۆ جياكردنەوەى پێواژۆى فۆنەتيكيى و فۆنۆلۆژيى، بڕوانە نمونەكانى (١، ٢)، وەک:

١)پێواژۆى فۆنەتيكيى، وەک:/سەوزە/ /صەوزە/ ([səw . zə~ṣəw . zə])لە دەربڕيندايە.

٢)پێواژۆى فۆنۆلۆژيى، وەک:/كوشتن/ /دەكوژم/ ([də . ku . ʒɨm]) لە مێشكدايە.

لە ڕونكردنەوەى دياريكردن و جياكردنەوەى سنورەكانى پێواژۆى فۆنەتيكيى و پێواژۆى فۆنۆلۆژييدا، ئەوە نيشاندرا، كە هەمو نيشانە تايبەتە دەربڕاوە فۆنەتيكييەكانى زمان ڕەچاوناكرێن، بەڵكو تەنها ئەو نيشانە فۆنۆلۆژييانە ڕەچاودەكرێن، كە لە ڕوى ئەركەوە بۆ پێرەوى زمان گرنگن. هێڵى نێوان فۆنەتيک و فۆنۆلۆژيى هيندە ديار وئاشكرا نييە، بەڵام جياكردنەوەى پێواژۆكان بە شێوەيەكى پێڕەوبەندانە پێويست و گرنگە.

لە زانستى زماندا، دوو جۆر نوسيين پەيڕەودەكرێت، جۆرى يەكهەميان پێيدەگوترێت (phonetic Alphabet )، كە بەنوسيينى فۆنەيتيكيى (Ipa) جيهانيى ناسراوە. وەها لێكدراوەتەوە، كە بتوانێت هەمو ئەو دەربڕينە جياوازەنەى دەنگ بگرێتەوە، كە دەتوانن وشەكانى زمانى مرۆڤيان پێجيابكرێتەوە. لەڕوى ئۆرگانييەوە دەربڕينى وشەكان وەكو خۆيان، هەمو زمانێک دەتوانێت سودى لێببينێت، بە دوو كەوانەى شكاوە بۆ فۆن و ئەلەفۆنەكانى ( ,s~ṣ]) [ʒ~ʃ بەرجەستەدەكرێت. واتە، بۆچۆنێتيى دەربڕينى فۆنەيتيكيى فۆنێمەكان و پۆلەڕەگەزە فەرهەنگيى و ئەڵتەرناسيونەكانيان، وەک: نمونەكانى (١، ٢) بەكاردێت.

جۆرى دوهەميان بەئەلفوبێى فۆنێمى ناسراوە (phonemic Alphabet). واتە، تايبەتە بەنوسيينى وشە فەرهەنگييەكان، نەک دەربڕينى وشەكان. هەمو زمانێک بەپێى سيستەم و ياساكانى ئەلفوبێيەكى تايبەتيى هەيە، فۆنێم و وشەكان دەخرێنە نێوان دوو هێڵى لارى ئەملاوئەولاييەوە (/س /). لە لێكۆڵينەوەى زانستييدا زۆرجار لەپاڵ ئەلفوبێى فۆنێميى، ئەلفوبێى فۆنەيتيكيش بۆ دەستنيشانكردنى (ئەلۆفۆن/ئەڵتەرناسيۆن)ەكان بەكاردێت، بە بەمەبەستى نوسينەوەى كەسێتيى فۆنێمە فۆنۆلۆژييەكان شێوە جۆراوجۆرەكانيان لە وشەى فۆنۆلۆژييدا، لەپێرەوەكەدا دوو جۆر نوسيينەوە لەناو ڕژێمى فۆنێمەكانى زمانێكى دياريكراودا لەيەک جيادەكرێنەوە (Ladefoged: 2010: 39).

لەزمانى كورديى (شێوەزارى گەرميان)دا، وەكو ستانداردێك بەكاردەهێنرێت، واتە زمانە ستانداردەكە لەئاخاوتنى ڕۆژانەدا وشەكان بەهۆكارى جياجيا بەرجەستەدەكرێن. دەبێت ئەو ڕاستييە بزانرێت، كە پێرەوى (دەنگ و نوسيين)تا ڕادەيەک بۆارى سەربەخۆن، ئەگەرچى لەگەڵ يەكتريدا لە پەيوەنديدان، بەڵام لە بنەڕەتدا ناوابەستەن لەيەكتريى(محەمەدى مەحويى:٢٠١٦: ٧٩). هەر دەنگێک بەپێى سازگە و شوێنى پۆلەڕەگەزى (بڕگەيى و نابڕگەيى)ەكان لە ڕوى ئۆرگانيى و شوێنى بەرهەمهێنانيانەوە، لە ڕێگەى ژمارەيەک نيشانەى جياكەرەوەى دەنگدارييەوە[+/- لچولێو]، [+/- پوكيى]، [+/- مەلاشويى]،[+/-دەنگداريى] لەيەک جيادەكرێنەوە. شيكاركردنى فۆنەتيكييانەى دەنگەكان لە زنجيرەى ئاخاوتن، واتە پێكەوەهاتنى دەنگەكان لە پێكهاتە و دروستەى بڕگە و وشەكان لە زماندا، ئەوە نيشاندەدەن، كە بيچمى ئۆرگانيى و ئەكەوستيكيى دەنگەكان لە زمانى كورديدا لە چێوەى فۆنەتيكى پێكەوەهاتن- گەشەكردنى دەنگەكانى ئاخاوتندا چەسپاو نيين. سەگمێنتە فۆنۆلۆژييەكان لە زنجيرەى ئاخاوتندا و هەروەها هەڵهێنجانى مەرجى

فۆنۆتاکتیکی دەنگەکان و پێواژۆ دەنگییەکان دەدرێت، بەڵام گۆڕانە دەنگییەکان لە زنجیرەی ئاخاوتن ناتوانن چێوەی گشتیی بیچمی دەنگی دەنگە زمانییەکان بسڕنەوە.

### ٣-١/١) دروستەی فۆنۆلۆژییانەی وشە

وشەی فۆنۆلۆژییەکان لە پێکهێنەرە فۆنۆلۆژییە واتا جیاکەرەوە دەربڕینەکان دروستبوون. واتا، دروستەی ناوەوەی وشە ئەوە نیشاندەدات، کە لە دوو دەنگ، یان زنجیرە دەنگەکان دروستبووە و بەم پێیە (دروستەیەکی فۆنۆلۆژییانەی ناوەوەی -internal phonological structurws) خۆی هەیە ( محەمەدی مەحویی: ٢٠٢١: ٢). مەرجە هەریەک لە ئەو دەنگانە، لە پێکهاتوی فۆنۆلۆژییدا بە (سەگمێنت/فۆنێم)ی فۆنۆلۆژیی ناسراوە و واتایەکی خۆی نییە، بەڵام لە فەرهەنگدا هەڵگری واتان، چونکە بەهای هەمبەرییان هەیە و بەهاکانیش بۆ دروستکردنی واتا و گۆڕینی واتایە. لە شیکردنەوەی فۆنۆلۆژییدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە هەریەک لە سەگمێنەکانی (/ب، ه، ه، ا، ر،...هتد/) بە تەنها هیچ واتایەکیان نییە، بەڵام لە وشەی (/بەهار/)دا، لە ڕوی واتاییەوە، بەهای واتاییان هەیە.

لە ناو پێڕەوی گشتیی زماندا ژمارەیەکی زۆر وەچە پێڕەو بەدیدەکرێت، هەر بۆیە ناسیین و زانیاریی دەربارەی پێڕەوە گشتییەکە، تاڕادەیەك کارێکی ئاسان و ئەستەم نییە، بە ئەو پێیە زیاتر هەڵە گشتییەکانی یاسا ڕێزمانییەکانی تێدا ئاشکراو ڕونن، وەك ڕیزبوون و جێکەوتەی یەکە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیی. لەناو وەچە پێڕەوەکاندا ئەگەری بونی چەندین پێواژۆی شاراوە هەیە، کە کۆی زانیارییە گەنجکراوەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا خاوەنی جێکەوتەیەکی پتەون. لە فۆنۆلۆژییدا مەرج و یاسا و پێڕە و کۆتوبەندی دیاریکراوی خستنەتەکیەکی خۆی هەیە، پێویستە لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە، ئەو مەرج و یاسایانە پۆلێن و دەستنیشانبکرێن. سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان بەزۆری لە شێوەی چەپک، یان هێشووە دەنگ لە ئاخاوتندا خۆیان دەنوێنن. زنجیرە دەنگەکان، لە شێوەی چەپک بێت، یاخود هێشوو، یان هەر پێکهاتەیەکی دەنگیی تر خستنەتەکیەکی خۆیان هەیە. (کەمال بشر: ٢٠٠٠: ٥٠٥).

لە شێوەزارەکەدا، هەندێکجار سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان لەناو وشەکاندا، بەهۆکاری جودا جوداوە لەڕوی فۆنەتیکییەوە بەشێوەی ئازادانەوە، یاخود بێئاگایانە گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان، پاش ئەنجامدانی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکانی(وشەدروستکردن و شکاندنەوە) ڕودەدەن. لەم لێکۆڵینەوەیدا زیاتر گرنکیی بەگۆڕانی فۆنەتیکیی دەدرێت، نەک فۆنۆلۆژیی، بۆیە بەکورتیی لەم بارەیەوە نیشاندرا.

### ٤-١/١) دابەشبون و جۆراوجۆریی ئازاد-distribution and free variation

سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان، ئەرکی بە جێهێنانی هەمبەریی و خستنەتەکیەکیی هەیە. دەرکەوتنی شێوەی فۆنیمێک. کە بەپێی ژینگە جیاوازەکان دەکرێت بەچەند شێوەیەکی جیاواز دەربکەوێت، کە هەمان نرخی واتایی، یان ئەرکیی فۆنۆلۆژیی هەبێت، بە جوراوجۆریی ئازاد ناسراوە. زمانەوان پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە دەبێت زاراوەی(فۆنێم) بۆ ئەم چەمکە نادیارە تەرخانکرابێت، کەرەستەی کۆنکریت و جەستەیی، وەک:(/د، ت، ا...هتد/)ی وشە فۆنۆلۆژییە کوردییەکان (فۆن)ن و پەیوەندیی نێوان فۆن و ئەلەفۆنەکان چوونیەکن. بەواتا، فۆنێمێک بەشێکە لەئەو فۆنانەی بەپێی جێکەوتەکە لە وشەی فۆنۆلۆژییدا، کە دەتوانرێت لە ڕوی ئۆرگانییەوە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەربڕرێن و بەکاربهێنرێن. بۆ نمونە لە شێوەزارەکەدا زۆرجار فۆنیمی(/س~s/ ) لەپێکهاتەی وشەی (/سک/، [sɨk~zɨk]) دا، لە ڕوی ئۆرگانیی -فۆنەتیکییەوە[+خشۆکیی، -دەنگداریی، +کۆنسۆنانت] نیشانەکراوە (Roach peter:1991: 52)

لە شێوەزارەکەدا، هەندێک جار لە شێوەی ( /ز~z/ ) [+پوکیی، +دەنگداریی، +کۆنسۆنانت] بەرجەستەدەکرێت، لە زمانی کوردیی/ شێوەزارەکەدا، هەردوو دەنگەکە لە هەمبەرییدا دوو فۆنێمی جیاوازن، بەڵام لەبەرئەوەی نەبونەتە هۆی گۆڕینی واتا، بۆیە هەمان نرخیان دەدرێتۆ و وەکو ئاڵتەناسیۆنی یەکتر دەبینرێنەوە، بەڵام لە نوسینی ستانداردی زمانی کوردییدا ( /زک/، [zɨk] ) ڕێگەپێدراو نییە. گۆڕانی دەنگیی پێواژۆیەکی سروشتییە و هەمو سەگمێنتێکی زمانیی بە تێپەڕبونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت، زمانیش وەکو یەکێک لەئەو دیاریدانە چەندین هۆکار هەن، بۆ ئەوەی لەئاخاوتندا بگۆڕێت. ئەم گۆڕانکاریانەش لەهەمو پێکهاتەکانی زمان بەرجەستەدەکرێت. هەر ئەمەش وەهایکردووە، کە هەمو ئەو زمان و زار و شێوەزارە جیاوازانە لە ڕابوردوو ئێستادا، کە بوون و هەن، یان سەرهەڵبدەن. سەرەتا لە پێکهاتەی (دەنگسازیی -فۆنۆلۆژیی)دا، لەژێر ڕەکیفی فۆنەتیکدا دەستپێدەکات و دواتر پێکهاتەکانی (وشەسازیی، ڕستەسازیی) ڕودەدات.

لەم لێکۆڵنەوەیەدا پێشبینیدەکرێت پێکهاتەی فۆنەتیک بەهۆی هۆکارە جۆربەجۆرەکانی وەکو کاریگەریی (مێژویی، زاروشێوەزار، کۆمەڵایەتیی، ڕۆشنبیریی...هتد). زۆرتر گۆڕانی دەنگیی بەسەر وشە فۆنۆلۆژییەکاندا، لە( سەرەتا-oneset و کرۆک-nucleous و کۆتاییcoda )برگەدا ڕوبدات، سەرەڕای ئەو هۆکارانە، وزەپاراستنیش لە ئابوریکردنی زماندا، هۆکارێکی دیکەیە لەسەر گۆڕانە فۆنەتیکییەکان. دیاریکردنی سەگمێنتی فۆنۆلۆژیی و هەمە چەشنی بنەڕەتی و (ئەلەفۆن)ەکان و چەشنەکانیان، دەشێت پێواژۆی(فۆنۆلۆژیی/ فۆنەتیکیی)بن.

### ١/٢) پێواژۆ فۆنەتیکیی و ئەڵتەرناسیۆنی سەگمێنتی فۆنۆلۆژیی:

ئەو پێواژۆیانەن، کە لەئاخاوتنی ڕۆژانەدا ئازاد و سەرپشکییەکان فۆنەتیکیین، یاخود بەهۆکاری جوداجودا لە وشە فۆنەلۆژییەکاندا ڕودەدەن. بەواتایە، پێواژۆکان بەشێوەی خورتیی ناچاریی نیین، گرێمانەدەکرێت زیاتر گۆڕدراوی ئازاد بن. بۆیە بە کورتیی ئاماژە بەکۆمەڵێک هۆکارە دەکەین، وەک:

#### ١-١/٢) هۆکاری زاروشێوەزار:

زاروشێوەزار لەڕێی جێبەجێبونی پێواژۆی مۆرفۆلۆژییانە، یان فۆنۆلۆژییانەوە لە ناوچەیەکدا و جێبەجێنەبونی لە ناوچەکانی تردا دروستدەبن. هەندێکجار پێواژۆ دەنگییەکان، بۆ گونجان لەگەڵ خاک و کەش و هەوا دەگەڕێتەوە. چونکە هەندێک لە زمانە باکوورییەکان دەنگە نابڕگەییەکان زیاتر تێدایە، لە کاتێکدا دەنگە بڕگەییەکان لە زمانە باشوورییەکاندا زیاترن، کە جۆرە ڕێکەوتنێکی فۆنۆلۆژییان پێدەبەخشێت( محەمەدی مەحویی: ٢٠٢١: ٧٨٣).

### ٢-١/٢)ئابوریکردن/ وزەپاراستنی زمانی:

زمان وەکو یەکێک لە لایەنە گرنگەکانەی ژیان، پێویستی بە ئاسانکردن و سوکردن دەربڕینە، بۆیە مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی، بەکەمترین کات و ماندوبوون بەدەستیبهێنێت. (دەروون عبدالرحمن سالح: ٢٠١٢: ٦٣) لەم ڕوەشەوە لەڕوی ئۆرگانییەوە، کاتێک دوو دەنگی [کپ و گڕ] لەڕوی فۆنۆلۆژییەوە دەکەونە پاڵیەکتر، زۆر جار دەنگی (گڕ) کاریگەریی لەسەر دەنگە (کپ) پێش، یان پاش خۆی دەبێت، یاخود بەپێچەوانەوە، دەنگە قورسەکان بۆ دەنگی سووک و نزیک لە خۆیان دەگۆڕێن، یان توشی کەوتن و کرتاندن دەکرێنەوە.

### ٣-١/٢)دەرونیی:

زۆرجار ئەو مرۆڤانەی باری دەرونییان تەواو نییە، یاخود لەکاتی لەئاخاوتندا پەلەپەل لە دەربڕینی وشە فەرهەنگییەکاندا دەکەن، بەهۆی ڕێکنەوتنی بزاوتنی مێشک و فەرمانەکانی لەگەڵ بزوتنەوەی ماسولکەکانی ئەندامەکانی ئاخاوتن، وشەکان وەکو خۆیان بەرجەستەناکرێن. بۆنمونە، لەکاتی دەربڕینی وشەیەکی وەکو(/کێ/)، لەبەرئەوەی دەنگی([k]) [+خشۆکیی، -دەنگداریی، +کۆنسۆنانت] لەسەرەتای بڕگەکەدا هاتووە، بۆیە ماسولکەکانی دەم و قوڕگ دەجوڵێنەوە بۆ دەربڕینی دەنگی ([k])، بەڵام مێشک فەرمانی دەنگی ([ʧ]) یاخود دەنگێکی تر دەردەکات، بەمەش ماسولکەکان ناچار دەکات پەلەبکەن، لەئەنجامی ئەم پەلەکردنەشدا ئەو دەنگەی کە دەردەبڕدرێت جۆرێک دەبێ ([k])، کە لەدەنگی ( [ʧ]) وە نزیکە. (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١: ١٣٢).

### ٤-١/٢)بەکارهێنانی زمانی دوهەم:

کاتێک قسەکەر فێری زمانی دوهەم دەبێت، لەڕوی ئۆرگانییەوە ناتوانێت وەکو زمانی دایک، دەنگانی زمانی دوهەم بەکاربهێنێت، چونکە دەنگەکان جێکەوتەی تایبەتیی خۆیان هەیە و بەئاسانیی ناتوانرێت ئەو دەنگانە وەکو خۆیان دەرببڕرێن(محمد عايد القضاة، فاطمة محمد العمري: ٢٠١٥: ١١٧٢). بۆ نمونە دەنگی([ڵ~ɫ]) لە وشەی (/دڵشاد/)دا، ئاخێوەرێکی زمانی عارەبیی نادۆزێتەوە وشەکە وەکو خۆی دەربببڕێت، بەڵکو لەشێوەی دەنگی([ل~l]) دەردەبڕرێت، بەپێچەوانیشەوە بۆ زمانی کوردیش ڕاستە. هەندێکجار فێربوونی زمانی دوهەم کاریگەریی لەسەر دەنگەکانی زمانی دایک دەبێت. بۆنمونە (( لە ئینگلیزی کۆندا دەنگی (ژ) نەبووە، بەڵام لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانی فەڕەنسی کەوتووەتە ناو زمانی ئینگلیزی، دەنگی (ڤ)ش بەهەمان شێوە، هەروەها ونکردنی دەنگی (خ)). (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٩: ١٥).

### ٥-١/٢)فەسلەجی-الفسيولوجية

ئەم جۆرەیان لەڕوی ئۆرگانییەوە بۆ هەڵکەوتەی مرۆڤ و ئەندامەکانی ئاخاوتن دەگەڕێتەوە، چونکە زۆرجار لایەنی فەسلەجیی کاریگەریی لەسەر دەربڕینی وشەکان دەبێت (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١ : ١٣٢، اية علي ناصر: ٢٠١٨:١٥٨- ١٦٠). ئەمەیش زیاتر لەلای (منداڵ/بەتەمەن)ەکان، یاخود ئەو کەسانەی کێشەی دەربڕینیان هەیە. دەربڕینی دەنگەکان هەرگیز وەکو یەک بەرجەستەناکرێن. واتە، هەندێک دەنگی (+دەنگدار) دەکرێت بە(-دەنگدار)، یاخود بەپێچەوانەوە.

### ٦-١/٢) تایبەتمەندیەکانی پێواژۆ فۆنەتیکییەکان

ا) پێواژۆ فۆنەتیکییەکانی زمان، بەزۆریی لە جۆری گۆڕداوی ئازاددان. واتە، لە ژێر ویست و ئیرادەی ئاخێوەرانی زمانەکە دایە، زۆرجاریش لەکاتی درکاندن و بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکاندا، ئاخێوەران درک بە جیاوازی پێواژۆ فۆنەتیکییەکان ناکەن.

ب) هەندێک لە دەنگەکانی زمان بە هێواشی و لەسەرخۆی پێواژۆی فۆنەتیکیان بەسەردا دێت، لە هەندێک ڕووەوە گشتیین، سەرەڕای تایبەتمەندیی و جیاوازیی نێوان زارو شێوەزارەکانی زمانێک، کە لەهەندێک ژینگە جیاوازەکانی دەرکەوتنی دەنگەکە لە وشەکاندا ڕوودەدات، ئەمەش وەها دەکات هەندێک دەنگ بەشێوە جیاواز دەربڕدرێن.

پ) پێواژۆ فۆنەتیکییەکان بەپێی (کات، شوێن، تەمەن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان...هتد) ڕوودەدات. ئەمەش وەهادەکات وردە وردە جیاوازی بخاتە نێوان قسەپێکەرانی زمان، یان زارو شێوەزارەوە.

ج . پێواژۆکان گشگیرنیین و شێوەی دەربڕینی دەنگێک، ڕۆڵی لەسەر گۆڕینی واتا نابێت. لەهەموو زارەکانی زمانی کوردیدا، پێواژۆکان دەشێت لە(سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی)برگەدا ڕوبدات، نەبزوێنی کۆتایی وشە لە دۆخێکی نەچەسپاودایە، کە لەوانەیە بکەوێت، یان بگۆڕێت بۆ دەنگێکی نزیک، کە لە ڕوی ئۆرگانییەوە هەمان سازگەیان هەیە، تەنها ئەوە نەبێت لەڕوی(+/-دەنگداریی)ەوە جیاواز بن، ئەم گۆڕانە بەتایبەتیی لەنەبزوێنی خشۆک و دەربازدا بەرجەستەدەکەوێت(فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١١: ١١١).

## ٢/٢) پێواژۆ فۆنەتیکییەکان

زمانی کوردیی (دیالێکتی- ناوەڕاست)، وەکو ستانداردێك بەکاردەهێنرێت، واتە زمانە ستانداردەکە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەهۆکاری جیاجیا، هەندێک وشەی فۆنۆلۆژیی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی(شێوەزاری گەرمیان)دا، وەکو یەکتر دەرنابڕرێن، بۆ ئەوەی پێواژۆ فۆنەتیکییەکانی شێوەزارەکە لە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان جیابکەینەوە، بە باشی دەزانین بە کورتیی لەئەم کارە زانستییەدا، هەندێك لە پێواژۆ فۆنەتیکییەکان نیشانبدەین:

### ١-٢/٢)جێگۆڕکێی ئازاد-permutatations free:

جێگۆڕکێی دەنگ، لە زمانناسییدا، بەئەوە ناسراوە، کە سەگمێنتێکی فۆنۆلۆژیی لە جێگەی سەگمێنتێکی تر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەردەبڕرێت و بێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕێت. واتە، هەندێك جار ئەم جێگۆڕکێیە لە ناو زارێکدا، یان لە نێوان دوو زاردا بەرجەستەدەکرێت، یاخود بەهۆی ئاستی (ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی ...هتد) ڕوودەدات. لە جێگۆڕکێی دەنگدا هەندێك گۆڕان ڕوودەدات، کە لە سەرچاوە کوردییەکاندا، بە پێواژۆی فۆنۆلۆژیی ئەژمارکراون، لە کاتێکدا ئەم جێگۆڕکێیانە پێواژۆی فۆنەتیکیین، نەک فۆنۆلۆژیی.

### ١-٢/٣)جێگۆڕکێی دەنگە بڕگەییەکان لە وشەی فۆنۆلۆژییدا

لە شێوەزاری گەرمیاندا، زۆرجار جێگۆڕکێی سەگمێنتە بڕگەییەکان بەرجەستەدەکرێن، بەکورتیی هەندێک نمونە دەخەینەڕوو، وەک:

١-ا)/تەرزە/ ______ /تەزرە/ [tər . zə ~ təz . rə]

ب) /جگەر /______/جەرگ/ [dʒɨ . gər ~ dʒə . rɨg]

پ)/جوێن /______/جنێو~جمێن~جمان/ [dʒœn ~ dʒnew ~ dʒmen~ dʒmen]

لە نموونەکانی (١-ا، ب، پ)دا، جێگۆرکێی دەنگیی ڕویداوە، بۆ نموونە، لە(١-ا)دا، وشە فەرهەنگییکە (/تەرزە/)یە، لە دوو برگە[tər . zə] پێکهاتووە، دەنگی ([ر])، کە لە کۆتایی برگەی یەکەمدا هاتووە، کە لە سەرەتای برگەی دووەمدا هاتووە. دەنگی ([ز])، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە جێکەوتەی یەکتر دەردەبڕرێن.

هەروەها لەنموونە، لە(١-ب)یشدا، وشە فەرهەنگییکە (/جگەر/)ە، لە دوو برگە [dʒɨ . gər] پێکهاتووە، دەنگی ([گ])، لە سەرەتای برگەی یەکەمدا هاتووە، بەڵام لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە جێکەوتەی کۆتایی برگەدا، وەکو وشەیەکی یەک برگەیی بەرجەستەدەکرێت.

نموونە (١-پ)یش، ئەو ڕاستییە نیشاندەدات، کە وشە فەرهەنگییەکە (/جوێن/)ە، لە یەک برگەی فۆنۆلۆژیی [dʒœn] پێکهاتووە، سەرڕای ئەوەی، کە دەنگەکان پێواژۆی گۆڕانی دەنگییان بەسەردا هاتووە، لە هەمان کاتدا، پێواژۆی(هەڵتۆقین و دەنگگۆڕکێ) بەسەر وشە فەرهەنگییەکەدا هاتووە و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بە شێوەی جیا جیا دەردەبڕرێت و بێ ئەوەی ببنە هۆی گۆڕینی واتا.

## ٢-٢/٣) گۆڕانی دەنگیی - Asimilation :

لەزمانناسییدا بە ئەوە ناسراوە، بەهۆی مەرجی فۆنۆتاکتیکیەوە، دەنگێک بەهۆی کاریگەریی جوداجوداوە، بەشێک یان هەمو بیچمە دەنگییەکانی خۆی لەدەستدەدات و لە پیچمێکیتردا دەردەکەوێت دەردەکەوێت.

### ١-٢-٢/٣)دەنگگۆڕکێ لە نێوان دەنگە برگەییەکاندا:

**یەکەم) گۆڕانی تەواو:** بریتییە لەو گۆڕانی سەگمێنتێک بە سەگمێنتێکی تر. واتە، بە تەواوەتی تایبەتمەندییەکانی خۆی لەدەستدەدات، بیچم و نیشانە دەنگییەکە بەهۆی کاریگەری لایەنی فۆنەتیکییەوە دەگۆڕێت، وەک:

٢-ا) /شەممە/ [ʃəm . mə ~ ʃəm . bə]

ب) /تۆم/ [tom ~ tow]

نموونەکانی (٢-ا، ب)، ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە گۆڕانی دەنگیی ڕویداوە، بۆ نموونە، لە(٢-ا)دا، وشە فەرهەنگییکە (/شەممە/)یە، لە دوو برگە ʃəm . mə ~ bə] [ʃəm . پێکهاتووە، دەنگی ([م])، لە سەرەتای برگەی یەکەمدا هاتووە و لە ڕوی ئۆرگانییەوە(+نابرگەیی، +لوتیی، +لچولێویی)ە، بەڵام بۆ (+نابرگەیی ، +لوتیی، +سەری زمان)دەگۆڕێت. واتە، دەنگی ([م]) بۆ دەنگی ([ب]) گۆڕاوە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، وەکو گۆڕاوی ئازاد لە جێکەوتەی یەکتردا بەشێوەیەکی ئازادانە دەردەبڕرێن.

هەروەها لە نموونەکانی (٢-ب)یشدا، وشەی (/تۆم /)، کە وشەیەکی فەرهەنگییە، لە یەک برگەی فۆنۆلۆژیی ([tom ~ tow] ) پێکهاتووە، دەنگی ([م])، لە کۆتایی برگەی یەکەمدا هاتووە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی شێوەزارەکەدا، وەکو ئەڵتەرناسیۆن بە شێوەیەکی ئازادانە بەرجەستەدەکرێن. دەنگی ([w~m])،

٣-ا) /باران/ [ba . ra:n ~ wa . ra:n]

ب) /زمان/ [zɨ . ma:n ~ zwa:n]

پ) /لاستیک/ [las . ti:k ~ la . si:k ~ las . ti:q]

نموونەکانی (٣-ا، ب، پ)، ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە گۆڕانی دەنگیی ڕویداوە، بۆ نموونە، لە(٣-ا)دا، وشە فەرهەنگییەکە (/باران/)و لە دوو برگە پێکهاتووە، دەنگی ([ب])، لە سەرەتای برگەی یەکەمدا هاتووە و لە ڕوی ئۆرگانییەوە(+نابرگەیی، +دەنگدار، +لچولێویی)ە، بەڵام بۆ (+ نیمچە نابرگەیی) گۆڕاوە. واتە، دەنگی ([ب~m])بۆ دەنگی ([و~w])گۆڕاوە. هەروەها لە نموونەی(٣-ب)یشدا، وشە فەرهەنگییەکە (/زمان/)ە و لە دوو برگە پێکهاتووە، دەنگی ([م])، لە سەرەتای برگەی دووەمدا هاتووە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، وەکو (+ نیمچە نابرگەیی) ([و~w]) بەرجەستەدەکرێت. نموونەی(٣-پ)یش، وشە فەرهەنگییەکە، بریتییە لە (/لاستیک/)و وشەیەکی دوو برگەییە، دەنگی ([ک])، لە کۆتایی برگەی دووەمدا هاتووە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، دەنگەکە بۆ دەنگی([ق~q]) دەگۆڕدرێت و لەپاڵ ئەوەیشدا دەنگی([ت])یش، زۆرجار دەکەوێت. واتە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، هەندێک دەنگ، وەکو گۆڕدراوی ئازاد لە جێکەوتەی یەکتردا بەشێوەیەکی ئازادانە دەردەبڕرێن.

**دوو) گۆڕانی ناتەواو:** لە شێوەزارەکەدا، زۆر جار ئەم گۆڕانە دەنگییە ڕوودەدات، بەتایبەتی کاتێک دوو دەنگی (سووک و قەڵە) لە ڕوی فۆنەتاکتیکەوە دەکەونە پاڵ یەکتر، دەنگە قەڵەوەکە کار دەکاتەسەر دەنگە سوکەکەی پێش، یان پاش خۆی و خاسیەتی قەڵەوی پێدەبەخشێ، وەک:

٣-ا) /سەوزە/ [səw . zə ~ Ṣəw . zə]

ب) /ساڵ/ [saɫ ~ Ṣaɫ]

پ) /تاڵ/ [taɫ ~ Ṭaɫ]

ت) /سەتڵ/ [sə . tɨɫ ~ sə . Ṭɨɫ]

نموونەکانی (٣-ا، ب)ئەو ڕاستییە دەردەخەن، لە وشە فەرهەنگییەکانی (/سەوزە، ساڵ/)دا، دەنگی([س~s]))، لە سەرەتای برگەی یەکەمدا هاتووە و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی شێوەزارەکەدا، وەکو ئەڵتەرناسیۆن بە شێوەیەکی ئازادانە لە شێوەی ([ص~Ṣ])پانەکە بەرجەستەدەکرێن. هەروەها لە نموونەکانی (٣-پ، ت)یشدا، وشە فەرهەنگییەکانی (/تاڵ، سەتڵ/)دا، دەنگی ([ت~Ṭ])، لە سەرەتای برگەی یەکەمی وشەکاندا هاتووە و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی شێوەزارەکەدا، وەکو ئەڵتەرناسیۆن بە شێوەیەکی ئازادانە لە شێوەی ([t~Ṭ]) بەرجەستەدەکرێن.

### ٢-٢-٢/٣)دەنگگۆڕکێ لە نێوان دەنگە برگەییەکاندا

١-ا) /پێ/ [pe ~ pa:]

ب) /ناو/ [na:w ~ new]

پ) /سارد/ [sard ~ sərd]

لە نمونەکانی (١-ا، ب، پ) دا، وشە فەرهەنگییەکانی (/پێ، ناو، سارد/)، لە یەک برگە پێکهاتوون، دەنگە برگەییەکانی ([ێ، ا])، لە کۆتایی و ناوەڕاستی برگەی یەکەمدا هاتوون، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی شێوەزارەکەدا، دەنگەکانی ([e~a]), ([a~ə])، وەکو ئەڵتەرناسیۆن بە شێوەیەکی ئازادانە بەرجەستەدەکرێن.

### ٣-٢/٣) کەوتنی دەنگ -Elision

بریتییە لە کەوتنی دەنگێک، یان زیاتر لە پێکهاتەی مۆرفیم و وشەکاندا. ئەم پێواژۆیەش زۆرجار بە مەبەستی ئابوریکردن، یان ئاسانکردنی وزەی زمانییە لە ڕوی دەربڕینەوە بەرجەستەدەکرێت.

### ١-٣-٢/٣)کەوتنی دەنگە نابرگەییەکان لە وشەی فۆنۆلۆژییدا

بریتیە لە کەوتنی دەنگێکی نابرگەیی، یان زیاتر بە هۆکاری جوداجودا، وەک:

٤-ا) /هوشتر/ ______/حوشتر/وشتر/ [ʕuʃ . tɨr ~ huʃ . tɨr ~ wɨʃ . tɨr]

ب) /هوشیار/ ______ /وشیار/ [hoʃ . yar ~ wɨʃ . yar]

پ) /گوتن/ ______ /وتن/ [gu . tɨn ~ wɨ . tɨn]

نمونەکانی (٤-ا، ب، پ)، دەرخەری ئەو ڕاستیین، کە پێواژۆی کەوتنی دەنگیی لە سەرەتای برگەی وشەکاندا ڕویداوە، بۆ نمونە، وشە فەرهەنگییەکان بریتیین، لە(/هوشتر، هوشیار، گوتن/) و لە دوو برگە پێکهاتوون، دەنگی ([هـ، گ])، لە سەرەتای برگەی یەکەمدا کەوتوون. بەهۆی کەوتنی ئەو دەنگانەوە، دەنگی ([u~و])ی برگەییش، لەبەر ئەوەی پاش کەوتنی دەنگەکان، دەکەوێتە سەرەتای برگەکانەوە، بۆیە بۆ دەنگی نیمچەنابرگەیی ([w~و])گۆڕاوە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، وەکو گۆڕاوی ئازاد لە جێکەوتەی یەکتردا بەشێوەیەکی ئازادانە دەردەبڕرێن.

٥-ا) /سوێند/ _______/سوێن/ [sənd ~ sən]

ب) /زامدار/ _______ /زامار/ [zam . dar ~ za . ma:r]

پ) /خودا/ ______ /خوا/ [xu . d:a ~ xw:a]

نمونەکانی (٥-ا، ب، پ)، ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە وشە فۆنۆلۆژییەکانی(/سوێند، زامدار، خودا/) لە دوو برگە پێکهاتوون. لە نمونەی (٥-ا)دا، دەنگی ([d~د]) لە کۆتایی برگەی دوەەمدا و نمونەکانی (٥-ب، پ)یش، لە سەرەتای برگەی یەکەمدا، پێواژۆی کەوتن تێیاندا ڕویداوە.

٦-ا) /دەست/ ______/ دەس/ [dəst ~ dəs]

ب) /ڕاست/ ______ /ڕاس/ [Ra:st ~ Ra:s]

ح) /بیست/ _______ /بیس/ [bist ~ bi:s]

لە نمونەکانی (٦-ا، ب، پ)دا، وشە فۆنۆلۆژییەکانی(/دەست، ڕاست، بیست/) لە یەک برگە پێکهاتوون و دەنگی ([d~د])، لە کۆتایی برگەکەدا کەوتووە.

### ٢-٣-٢/٣) کەوتنی دەنگی برگەیی لە وشەی فۆنۆلۆژییدا

لە زمانی کوردیی و بە شێوەیەکی گشتیی و شێوەزارەکەیش بەتایبەتیی، لە وشەی فۆنۆلۆژییدا، بەدەگمەن پێواژۆی کەوتن بەرجەستەدەکرێت، گرێمانەی دەکرێت، بەپێی نەکەوتنی دەنگە برگەییەکان لە وشەی فۆنۆلۆژییدا، بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بگەڕێتەوە:

١) دەنگە برگەییەکان لەسەرەتای برگەی وشەی فۆنۆلۆژییدا ڕێگەپێدراو نیین.

٢) لە ناوەڕاست و کۆتایی برگەدا، دەبنە کرۆکی برگە و برگە دروستدەکەن.

### ٤-٢/٣) هەڵتۆقینی دەنگ بە هۆکاری مێژویی:

وشە فەرهەنگییەکانی زمان، بەهۆی تێپەڕبونی کاتەوە، لە ڕوی ئۆرگانییەوە گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، یەکێک لەو گۆڕانانەش هەڵتۆقینی دەنگی نوێیە لە وشەکاندا، وەک:

١-ا)/سوتان/_____/سوتیان/ [su . t:an ~ sut . y:an ~ suz . y:an]

ب)/شکان/______/شکیان/ [ʃka:n ~ ʃɨk . ya:n]

پ)/بڕان/_______/بڕیان/ [br:an ~ bir . ya:n]

لە شێوەزارەکەدا، پێواژۆی هەڵتۆقینی دەنگ، لە وشەی فۆنۆلۆژییدا بەدگمەن دەبینرینەوە، تەنها ئەوە نەبێت، لە نمونەکانی(١-ا، ب، پ) دا، دەنگی([y~ی]) نیمچە نابرگەیی، لەسەرەتای برگەی دوەەمدا هەڵتۆقیوە. واتە، ئەمڕۆ لە شێوەزارەکەدا، وشەکانی(/ سوتیان، شکیان، بڕیان/) وەکو ناوی کرداریی، کە لە دوو برگە پێکهاتوون و بەرجەستەدەکرێن، بەڵام لە نوسییندا، بەهەمان شێوەی زمانی (کوردیی-دیالێکتی ناوەڕاست)دا، وشەکانی(/ سوتان، شکان، بڕان/) وەکو ناوی کرداریی دەنوسرێن.

### ئەنجامەکان

١) لە زمانی کوردییدا، گرێمانەکاریی پێواژۆی ( فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی) فەرهەنگیی، لەیەک جودانەکراوەتەوە، سەرەڕای ئەوەیش، زۆربەی زۆری بەرهەمەکان دوبارەن و زانیارییەکی نوێ بەدیناکرێت.

٢) لە شێوەزاری گەرمیاندا، بەهەمان شێوەی زارو شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیی، پێواژۆ فۆنەتیکییەکان پتر لە وشەی (فۆنۆلۆژیی )دا بەرجەستەدەکرێن، ئەمیش ئەو دەسەلمێنێت، کە هەمان یاسا و ڕیسای فۆنەتیکیی زمانی کوردیی نییە، لە ڕوی فۆنەتیک و ئەکسێنتە و جیاوازییان هەیە.

٣)پێواژۆکانی(کەوتن، دەنگۆڕکێ، جێگۆڕکێ....هتد) لە(سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی) برگەی وشە (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی)ەکاندا، لە دەنگە(نابرگەیی، برگەیی)ەکاندا، لە دەوروبەری جیاوازدا ڕوودەدەن و نابنە هۆی گۆڕینی واتای بنەڕەتیی وشەکان، یاخود وەکو ئەڵتەرناسێون دەردەکەون.

٣)پێواژۆی(هەڵتۆقین) لە وشە (فۆنۆلۆژیی)ەکاندا، لە دەنگە(نابرگەیی، برگەیی)ەکاندا، بە دەگمەن دەبینرێتەوە.

٤) پێواژۆی فۆنەتیکی تایبەتە بە(ئاخاوتنی رۆژانە، زاروشێوەزار، لایەنی رۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی، جوگرافیی...هتد)، بەڵام پێواژۆی فۆنۆلۆژیی پێواژۆیەکی ناجاریی خورتییە.

٥) ئەگەر لە نوسیندا رەچاوی پێواژۆ فۆنەتیکییەکان نەکرێ و بنوسرێن، لە دوارۆژدا کاریگەریی نەرێنیٚ لەسەر وشەکانی زمان بەجیٚ دەهێڵێت، چونکە زۆرێک لە وشە سەربەخۆکانی زمانی کوردیی، ئەمرۆ وەکو وشەیەکی سەربەخۆ پێناسەیان بۆ ناکرێت، بەڵکو وەکو مۆرفێمێکی بەند دەناسرێن.

## سەرچاوەکان


١- تالب حوسێن عەلی (١٩٨٩)، فۆنۆلۆجی کوردی ودیاریدەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢- دولبەر ئیبراهیم فرج شالی، (٢٠٠٠)، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣-دەروون عبدالرحمن سالح (2012)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤- دڵشاد محمد غریب، ئاسۆ عبدالرحمن، نەسرین نوری (٢٠٢١)، ئەلەفۆن و ئەلۆپیت لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی راپەرین, ژمارە(3)

٥- شنۆ قادر محمد (٢٠٠٨)، یاسا فۆنۆلۆجییەکانی شێوەزاری کەرکوک، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

٦-محەمەد مەحویی (٢٠١٦)، مەنامە، دەروازەی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانیی.

٧- محەمەد مەحویی (٢٠٢١)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم دوهەم، چاپی یەکەم، سلێمانیی.

٨- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، حاجی هاشم، هەولێر.

٧- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر.

٨- اية علي ناصر (٢٠١٨)تطور الجانب الفونولوجي من اللغة عند الطفل، مجلة الأداب-ملحق ٢، العدد ١٢٧.

٩-كەمال بشر(٢٠٠٠) ، علم الأصوات ، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع ، القاهرة.

١٠-محمد عايد القضاة، فاطمة محمد العمري ( ٢٠١٥) اثر اللغة الام في تعلم اللغة الثانية: العربية للناطقين بغيرها انموذجا، العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد ٤٢، ملحق١.

١١- Roach peter(1991), English phonetics and phonology.

١٢-Ladefoged, peter(1962) , Elements of Acoustic phonetics, University of Chicago Press, Chocago and London.

١٣-Ladefoged, peter(2010) , Aspects of phonological theory journal linguistic, University of Chicago Press, Chocago and London